

ئاگاداركردنەوەكان

# ن: یوجین ئۆنیەڵ

وەرگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب لە ساڵی 1936

## و: چرۆ چوستی

**گروپی نۆڤا Nova Group**

له بڵاوكراوه ئه‌لیكترۆنییه‌كانی

گروپی نۆڤا Nova Group

# ئاگاداركردنەوەكان

## شانۆنامە

٢٠١٩

كاتێک "یوجین ئۆنیڵ" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستی بە نوسینی شانۆنامەکانی کرد، شانۆی ئەمریکی لەلایەن ڤۆدڤێل و مێلۆدرامای ڕۆمانسییەوە هەیمەنە و هەژموونی بە تەواوی بەسەردا کرابوو. ئەو کات شانۆی ئەمریکی لەژێر کاریگەریی گەورەی ستریندبێرگ و ئیبسن و شانۆنووسە ئەوروپییەکانی دیکەدا بوو. ئۆنیڵ بڕیاریدا کە شانۆیەکی وا لە ئەمریکا دروست بکات کە داماڵرابێت لە عاتفیبوونە ساختە و درۆزنانەکان، ئەویش بڕیاردان بوو لە دروستکردنی شانۆیەک کە بتوانێت قووڵترین وروژاندن لە ڕۆحی مرۆڤدا بخولقێنێت. لە ساڵی 1914دا، ئۆنیەڵ نوسی: "یان ئەوەتا دەبم بە هونەرمەند یان بە هیچ شتێک". ئەوە بوو دواتر نەک هەر بوو بە هونەرمەند، بەڵکو بوو بە یەکێک لە مەزنترین هونەرمەندەکان.

لەبەر گرنکی و ناوازەیی بەرهەمەکانی ئەم شانۆنووسە، گرووپی نۆڤا یەکێک لە گرنگترین کارەکانی یـ وجین ئۆنیەڵ بە زمانی کوردی و بۆ یەکەمجار کە ڕەخنەیەکی توندە لە کۆمەڵگای چینایەتی و سەرمایەداری ئەمریکی، بڵاودەکاتەوە.

## کارەکتەرەکان

جەیمس ناپ، ئیشپێکەری ئامێری بێتەلی پەیوەندیگرتن لەناو کەشتی ئێس.ئێس ئیمپرێس"دا.
ماری ناپ، هاوسەرەکەی جەیمس ناپ.
چارلز، تەمەن 15 ساڵ: یەکێک لە منداڵەکانیان
دۆلی، تەمەن 14 ساڵ: یەکێک لە منداڵەکانیان
لیزی، تەمەن 11 ساڵ: یەکێک لە منداڵەکانیان
سوو، تەمەن 8 ساڵ: یەکێک لە منداڵەکانیان
منداڵێکی ساوا، تەمەن 1 ساڵ
هاردویک: کاپتنی کەشتیی ئیمپرێس
مەیسۆن: ئەفسەری یەکەم لە کەشتیی ئیمپرێس
دیک ویتنی: ئیشپێکەری بێتەل لە کەشتی ئێس.ئێس "دەچز" لە هەمان هێڵ کار دەکات

دیمەنەکان

دیمەنی یەکەم- ژووری نانخواردنی جەیمس ناپ لە شوقەی برۆنێکس، شاری نیویۆرک
دیمەنی دووەم- بەشێک لە کەشتی ئێس.ئێس "ئیمپرێس" نیشاندانی ژووری بێتەل نزیکی دوو مانگ دواتر

دیمەنی یەکەم

دیمەن- ژووری نانخواردنی جەیمس ناپ لە شوقەی برۆنێکس، شاری نیویۆرک. لەلای چەپەوە دەرگایەکی کراوە بەسەر هۆڵێکی سەرەکیدا، لە دوورتر لە دواوە کورسییەک. پەردەیەکی سەوزی تاریک دادراوەتەوە بەسەر سوچێک (تاقێک)دا کە بۆ ژووری نوستن بەکاردێت. لە لای ڕاستەوە دەرگایەک هەیە بەسەر چێشتخانەیەکدا، کورسییەکی دیکە، پەنجەرەیەک.

# I

ڕووەکێک لەناو چەند ئینجانەیەکدا لەسەر پەنجەرەیەک دانراوە، پەنجەرەکە کراوەتەوە بەسەر حەوشەیەکدا. قەفەزێکی ڕەنگ ئاڵتوونی هەڵواسراوە بە پێشی پەنجەرەکەدا و کەنارییەک بە خەواڵوویی ئەچریکێنێت. دیوارەکانی ژوورەکە بە کاغەزی سەوز داپۆشراوە کە ناگونجێت، کومبارێکی کۆنەش کە نزیکە لەو ڕەنگەوە تێیدا داخراوە. ژمارەیەک وێنەش هەڵواسراون لە بەینی دیوارەکاندا، کە لە وێنەی سەر ڕۆژنامەکان ئەچێت، بەڵام لە ناو چوارچێوەی ڕەنگ زەردی هەرزاندا. مێزێکی نانخواردنی گوڵگوڵین دانراوە بەڵام تۆزێک خراوەتە ناوەڕاستی هۆڵەکەوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی هاتوچۆ ئاسان بێت لە نێوان چێشتخانە و شوقەکەدا. بە ناوەڕاستی دیوارەکەوە لە پشتی مێزەکەوە کاتژمێرێکی ڕەشی مەرمەڕیی بە غەمباری چرکە چرک ئەکات. بەندۆڵی کاتژمێرەکە بە هەردوولادا ئەجوڵێت لە لای وێنەیەکی خێزانیی گەورەوە. لەسەروو کاتژمێرەکەوە درووشمێک هەڵواسراوە لە چوارچێوەیەکی ڕەشدا نوسراوە "ماڵ، ماڵی شیرین" گلۆپێکی مۆدێلی وێلسباخ لە شوێنی سورەییاکەدا بە ناوەڕاستی سەقفەکەوە هەڵواسراوە. ژوورەکە پڕبووە لە ڕووناکیەکی بریقەدار. کاتژمێر نزیکی 8:30 ئێوارەی (مانگی10)یە. کات ئێستایە خاتووناپ، ئەبینرێت دانیشتووە لە کۆتایی مێزەکەدا لە نزیکی چێشتخانەکە. ئافرەتێکی ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو و باریکەلەی بێتاقەت تەمەنی نزیکەی 40 ساڵێک ئەبێت، وا دەرئەکەوێت کە پێش وەختە پیربووبێت بەهۆی بوونی سەدەها کێشەی داراییەوە، بەهۆی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مناڵەوە، هەرچی ڕێسا و دەستووری ئەم ژنە هەیە بوونی نەماوە. وە بەهۆی پێڕانەگەیشتن و فریانەکەوتنی

پێداویستیەکانی ڕۆژانەیانەوە. قژە قاوەییەکەی بەرەو ماش و برنجی ڕۆشتووە و لە دواوە بە توندی بەستوویەتی، لێوە تەنکەکانی لە هەردوولای دەمیەوە شێوەیەکی ماتەمینی وەرگرتووە. چاوە شینە کاڵەکانی شێوەیەکی ناڕازی و ماندوو ئەنوێنن. ڕۆبێکی ڕەنگ چڵکنی ڕەساسی لەبەردایە لەگەڵ جووتێک نەعلی ڕەشی سەر (فەرش)ی ناوماڵ.

کاتێک قسە دەکات دەنگی پەست و بە ڕەخنەیە بەبێ خواستی خۆی. هەردوو منداڵەکەی لیز و سوو لەلای چەپیەوە دانیشتبوون و زیاتر لە وێنەیەکی خێزانیی ئەچن. چەماونەتەوە بەسەر مێزەکەدا و سەریان ناوە بەیەکەوە بە قژە سوورەلوولەکەیانەوە. لەژێر فەرمانی لیز دا سوو هەوڵئەدات شتێک بنووسێت لەسەر پارچەیەک کاغەز پێش لیز. هەردووکیان جلێکی پاکژی تاریکیان لەبەردایە لەگەڵ جووتێک پێڵاوو و گۆرەویدا

لیزی- بەو شێوەیە نابێت پیتی "گ" قەڵەمەکەم بدەرێ پێت نیشان بدەم چۆن ئەکرێت.( هەوڵ ئەدات قەڵەمەکە لە سوو بسەنێت). سوو بەرگری دەکات و دەست دەکات بە گریان، قەڵەمەکەت نادەمێ، دایکاا!- پێی بڵێ وازبێنێت

خاتوو ناپ (بەبێزارییەوە) بۆ خاتری خوا بووەستن، قەڵەمەکەم بدەرێ، لیز شەرمە بۆ تۆ شەڕ لەگەڵ خوشکە بچووکەکەت ئەکەیت. تۆ لە ئەو گەورەتریت من ئیتر تەحەمولی ئەم شەڕ و هەرایە ناکەم لەم ماڵەدا.

سوو- (وەک پیشەی خۆی هەمیشە هاوار ئەکات و ئەگری) دایکاا! پێی بڵێ وازبێنێت

خاتوو ناپ- (هەوڵ ئەدات لیز بگرێت) گوێت لێم نەبوو چیم ووت؟ قەڵەمەکەی بدەرەوە هەر ئێستا.

لیز- (سەرسام نەبوو)، ئەمەوێت پیشانی بدەم کە چۆن پیتی "گ" ئەنووسرێت، بەڵام ناهێڵێت پێی بڵێم دایکە!
سوو-(گریا) پیتی "گ"م نووسی، نووسیم.
لیزی_ ئۆۆۆ درۆی کرد گوێبگرە دایکە ناتوانێت "گ" بنووسێت، نازانێت چۆنە.
سوو -ئەتوانم قەڵەمەکەم بدەریێ.

II

لیزی- ناتوانیت، ناتدەمێ.
خاتوو ناپ- (خراپ توورە بوو هاتە لای مێزەکەوە و گوێی لیزی بادا)، تۆ منداڵێکی چەتوونیت ئەبێت فێرت بکەم کە چی ئەڵێم . ئەو قەڵەمەم بدەریێ، لە دەستی سووی وەرگرتەوە و دایەوە دەستی سوو.
ئەوە قەڵەمەکە بیکەن بەڕای خوا بێدەنگ بن، هەرا مەکەن و مەگرین، سوو بێدەنگ بوو لە هەنسک دان، لیزی دەستی کرد بە هاتوو هاوار و دەستی لە گوێی خۆیدا.
سوو – دیسانەوە دەستی کردەوە بە گریان کاتێک کە بینی نووکی قەڵەمەکەی شکاوە، تەماشا بکە دایکە قەڵەمەکەمی شکاندووە.
خاتوو ناپ- (فەرامۆشی کرد) بووەستە ئێستا نووکەکەیت بۆ دائەدەمەوە (چووە لای لیزی و پەڕە کاغەزەکەی هێنایەوە بۆی) ئەوەتا مەگری، دایە نایەوێت ئازارتان بدات، مەگری (لیزی هەر زیاتر ئەگریا)، مەگری پارچەیەک شیرینیشت ئەدەمێ (تووڕەیی و دڵتەنگییەکەی نەما)، دەی دایکتان ماچ بکەن کە ئیتر هار و هاجی ناکەن .

لیزی (گوێڕایەڵانە دایکی ماچ کرد)، بەڵێن بێت ، ئەی کوا شیرینییەکە دایکە؟
سوو- (قەڵەمەکەی بایەخی نەما لای) منیش پارچەیەک شیرینیم ئەوێت.
خاتوو ناپ- ڕۆیشتت بۆ مەتبەخ و دوو پارچە شیرینی پێکەوە لکاوی دۆشاوی شەکری هێنا. بگرە لیزی! بگرە سوو! (سوو خڕی کردەوە و ئاخنیە دەمە بچووکەکەیەوە)، خۆ سوپاستان نەکردم؟ (لیزی بە ئاقڵی و مینگە مینگێکەوە ووتی: سوپاس)، بەڵام سوو هیچی نەووت. پێتان ئەڵێم نازانم چیتان لێ بکەم منداڵینە، هەرگیز فێری هەڵسووکەوت نابن، ئەوەی ئێوە ئەیکەن ڕەفتاری منداڵی سەر شەقامەکانە. (کاتژمێرەکە لێدەدات کات 8:30)ە خاتوو ناپ تەماشای سەعاتەکەی کرد بە شێوازێکی سوپاس ئامێز، منداڵینە ئەوە کاتژمێر هەشت و نیوە ئو ەبێت هەر ئێستا بچنە جێگاکانتانەوە و بخەون. خوا ئەزانێت بەچی حاڵێک هەڵتانئەسێنم بەیانی بۆ قوتابخانە .
سوو-(شیرینیەکەی تەواو کرد و خواردی و هیچ لە دەمیدا نەما و ناڕازی بوو دەنگی هەڵبڕی) من نامەوێت بخەوم .
لیزی- (بەتووڕەییەوە) تۆ وتت ڕێگەتان ئەدەم هەتا باوکتان ببینن.
خاتوو ناپ- ئەوە تەواو، قسەی زیاترم ناوێت، ئەمڕۆ هەتا پاش نیوەڕۆ باوکتان بینیوە. بیانووتان نیە بۆ ئەوەی نەخەون .
باوکتان چووە بۆلای دکتۆر خوا ئەیزانێت کەی ئەگەڕێتەوە. وەرن وەکو دوو کچی بچووکی باش ماچم بکەن و ڕێک بڕۆن بخەون. (هەردوو کچە باشەکە دایکیان ماچ کردوو بە خاوی و خەمباریەوە ڕۆشتن بۆ خەوتن بۆ ناو قوژبنەکە).
خاتوو ناپ- بیرتان نەچێت منداڵەکە هەڵنەسێنن بە هاتوو هاوارکردن، ئەگینا بە باوکتان ئەڵێم لێتان بدات. (دەنگ

بیریکەوتەوە). وتی دوعاکانیشتان بیر نەچێت! پاشان نوقم بوو لە هەناسەی ئیسراحەتدا و ڕۆژنامەیەکی هێنا لەسەر مێزەکە، دەستی کرد بە خوێندنەوەی لەسەر پشت بە مورتاحی، کاتێکی زانی گوێی لە تەپەی پێ و دەنگە دەنگ بوو لەسەر پلەی ڕاڕەوەکە، تەقە تەقی دەرگاکە و لێدانی دەرگا، دەرگاکەی جولاند، دەنگ و پێکەنینیان لە کونی کلیلەکەوە ئەهاتە ژوورەوە، دایکە بیکەرەوە!
خاتوو ناپ- بە پەلە ڕۆشت بەرەو دەرگاکە و کردیەوە، بێدەنگ بن بیکەن بەڕای خوا، ئەتانەوێت منداڵەکە هەستێت؟ منداڵی وەکو ئێوەم نەدیوە هیچ شعورتان نیە بۆ دایکتان. چارلز و دۆڵی بەپەلە خۆیان کرد بە ژووردا، خاتوو ناپ دەرگاکەی داخستەوە و چوویەوە بۆ شوێنەکەی خۆی لای مێزەکە.

III

گەنجێکی زەعیفی تەمەن پانزە ساڵانە. ئەوەندە زلە کە قاچ و دەستی لە خۆی گەورەتر نیشان ئەدات، شێوەیەکی زلی ناڕێکی هەیە،
چاوەکانی شینێکی ڕەنگ ئاویی بچووکن، کاتێک کڵاوەکەی لا ئەبات قژە ڕەنگ لمینەکەی ئەکەوێتە سەر ناوچەوانی، قاتێک جلی (نۆر فۆلک)ی شڕی ڕەساسی لەبەردایە. هەروەها دۆڵی تەواو باریک و جوان و چاوەکانی ڕەشن، کەزیە قاوەییەکەی بەسەر شانیدا هاتووەتە خوارەوە ڕێک پۆشە و دەستێک جلی ئافرەتانەی لەبەردایە لەگەڵ جووتێک پێڵاوی ڕەش و گۆرەویی و کڵاوێکی لباری ڕەشی لەسەر کردووە.

دۆڵی- (خۆی هەڵدا و شێتانە ماچی دایکی کرد) پێت وایە کێم بینیبێت دایکە ؟
چارلز- (بە دەنگێکی بەرزی وەک هاوارکردن) دووبارەی کردەوە، پێت وایە کێم بینیبێت دایکە؟
خاتوو ناپ- بۆ خاتری ئاسمان  چارلز هێواش قسە بکە، ئەتەوێت ماڵەکانی تەنیشتمان گوێیان لێت بێت؟ ئەگەر  ئەو منداڵە هەستێت بە دڵنیاییەوە بە باوکت ئەڵێم. کڵاوەکەت لابەرە کاتێک لە ماڵەوەیت، چیت بەسەر  هاتووە؟ هیچت بیر نەماوە، ئەو هەڵسوکەوتەت بۆ تۆ شەرم و شورەییە.
چارلز- (کڵاوەکەی لابرد) ئۆۆ چیە دایکە ئەمشەو زۆر ترسناک گلەی ئەکەیت؟ چی ڕوویداوە؟
خاتوو ناپ- بەهەر حاڵ ئادەی گەنجۆ بە دایکی خۆت بڵێ  چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکات، بۆ نابێت خراپ بم لەگەڵت؟ منداڵەکەم خەواندووە ئەگەر بێت و خوشکەکەت  بە دەنگی تۆ بەخەبەر بێتەوە خوا ئەزانێت چی ئەبێت.
دۆڵی- (قسەکانی پێ بڕی  و بەسەیرکردنێکی پێکەنیناوی تەماشای چارلی کرد) ناتوانیت  هەڵیبێنیت کە کێم بینیوە دایکە!
چارلی- (بەشەرمنیەوە) ئۆ، باشە باش،  فەرموو بچۆ بە دایکم بڵێ ئەگەر ئەتەوێت بەلامەوە ئاساییە، منیش پێی ئەڵێم کە کێم بینیوە لەگەڵ تۆدا .
دۆڵی- هیچی نە بینیوە .
چارلی- بینیم
خاتوو ناپ - بۆ خاتری خۆ شەڕە قسە بەسە! جارێک لیزی و سوو ئینجا نۆبەتی  ئەم دوانەتانە.کاتم نەماوە بۆ خوێندنەوە، چیت بینیوە دۆڵێ ؟ ئادەی پێم بڵێ ئەگەر وایە .

دۆڵی- چارلی  و هاری قژ سوورم بینی له سووچی کۆگای دەرمانخانەکەدا،باوکم پارەی دابوو پێی ئەمیش ساردەمەنی پێ کڕیبوو بۆ ئەو کچە .

چارلی - شتی وام نەکردووە .

دۆڵی- ئۆه لەو درۆیە ، لەوێ بوون .

خاتوو ناپ- شەرم  له خۆت بکه زلی توورەو ترۆ، لەگەڵ کچاندا ئەسووڕێیتەوە  کە لە تەمەنی خۆتدان و پارەیان بۆ خەرج ئەکەیت .بە باوکت ئەڵێم کە چۆن  پارە خەرج ئەکەیت  ئیتر یەک سەنتت بداتێ ئەبێت ئاگام لێبێت .

چارلی- (بەتووڕەییەوە) ئۆۆ پێویست ناکات وابزانیت  هەر من ئەوە ئەکەم (ئیشارەتی کرد بۆ دۆڵی) بینیم له خوارەوە  لەگەڵ منداڵە هۆڵەندیەکەدا

IV

باوکی به دوایەوە بوو بەلایەکی ترد اڕۆشت ،ئەوانم  بینی ئەو چاو خێلە .

دۆڵی - نەخێر ئەو نیە .

چارلی - ئۆو! دڵنیام که ئەوە ئەو کوڕە بوو نەیئەتوانی ڕێک تەماشا بکات ، هەرگیز

دۆڵی- ئەوە باشترە لە تۆ.

چارلی- ئۆۆ! (کۆنترۆڵی قسەکردنی له دەستداو هاواری کردەوە دیسان)، که بینیم یەکەمجار دەستم کرد به چاویدا،لێمدا چی لێبکەم هۆڵەندی بێ مێشکە، زللەیەکیش لە لووتی تۆ ئەیەم ئەگەر دووبارەی بکەیتەوە ،(دۆڵی  دەستیکرد به گریان).

خاتوو ناپ-  هەستاو زللەیەکی سرەواندە گوێی ، تەمبێت ئەکەم، گەنجۆ، دەست بەرزنەکەیتەوە لە ئاستی خوشکەکەت، باوکت لێت ئەیات باش.
چارلی- (بەگریانەوە دەستی گرت بە گوێیەوە و چووە دواوە)ئۆۆ بۆچی هەمیشە هەر بە من ئەڵێیت؟ بۆچی هیچ بە ئەو ناڵێیت ؟
خاتوو ناپ- (چووە لای دۆڵی هێشتا هەر ئەگریا) تۆش خاتوون! نەیبیستم کە  جارێکی تر لە ڕاڕەوە تاریکەکاندا لەگەڵ کوڕ وکاڵدا بیت، لە تۆش ئەیەم. من لێتان تێناگەم و نازانم! من هەرگیز بە تەنها نەچوومەتە دەرەوە لەگەڵ کەس ،تەنانەت لەگەڵ باوکیشتاندا پێش ئەوەی زەواج بکەین نەچوومەتە دەرەوە لەگەڵیدا ،نازانم ئێوە گەنجی ئەم سەردەمە بۆچی وان !
دۆڵی- تاریک نەبوو
خاتوو ناپ- هیچ جیاوازیەکی نیە .گوێت لێم نەبوو چیم ووت؟ نایەڵم جارێکی تر.(دۆڵی  چاوی سڕی وڕووی کردە چارلی) .
چارلی- (بە دەنگێکی بەرزو سەرکەوتووەوە)،تاریکیەکی سامناک بوو.درۆت لەگەڵ ئەکات دایکە .
خاتوو ناپ- (زمانت بگرە و دەمت دابخە)،بەسە گوێم لێت نەبێت.ئەوەندە شیرەت نەیەت و هاوار مەکە خۆ کەڕ نیم .
چارلی- (هێواشتر) باشە، دایکە.لەو کاتەوە باوکم لەماڵەوە بوو من خووم گرتووە بەوەوە کە دەنگم بەرز بکەمەوە ، چونکە گوێی لێم نە ئەبوو کە هێواش قسەم بکردایە  .
دۆڵی- باشە دایکە. منیش قسەم لەگەڵ باوکم کرد ئەم بەیانیە نیوەی قسەکانمی گوێ لێ نەبوو .
خاتوو ناپ-  باوکتان خراپ سەرمای بووە مێشکی ئیش ناکات .بەڵام خۆی ئەڵێت سەرمام نەبووە، بەڵام من باشتر ئەزانم ،من خۆم

ئەوە ئەزانم بەڵام ئەو باوەڕی پێم نەبوو.پێنج دۆلاری داوە بە دکتۆر لە حەقی گوێیدا لە کاتێکدا ئەو دەبوایە ژەمێک دەرمانی گیایی(کنین) وەربگرێت.(کنین دەرمانی گیاییە بۆ لەرزو تا بەکاردێت) (وەرگێڕ). وتی کە ئیشپێکەری بێ تەل چانسی ئەوەی نیە. پێم وت کە ئیشپێکەری بێ تەل نابێت پێنج دۆلار بدات بە دکتۆر و ئەویش هیچی پێنەدات. لە کاتێکدا کە پێنج منداڵ و ژنێکی هەبێت.(بە ڕەخنەوە) نازانم چی بەسەر باوکتاندا هاتووە ! وەکو ئەو کاتە نیە کە دوا گەشتیان کرد لەسەر کەشتی "ئیمپرێس" بوو، پێموایە کە ئاوو هەوای خولگەیی باشووری ئەمریکا کاری تێکردووە.
دۆڵی- ئەو کاتەی باوکم لەماڵەوە بوو ترسناک دیار بوو ، بەبێ هۆ هاواری ئەکرد بەسەر من و چارلی دا.

V

خاتوو ناپ- ئەکرێت وەزعی باشتر ببێت ئەگەر کارێکی تری دەستبکەوێت . بەڵام ئەترسێت ئەگەر ئەمە وازلێبێنێت کارێکی تری دەستنەکەوێت. باوکتان ناتوانێت وەکو گەنجێک ئیش و کار بکات وەکو ئەوەی کە هەموو ئەیانەوێت گەنج دەربکەون. ئەبێت بەردەوام بێت لە کارکردن ئەگینا ناتوانین کری ۤ بدەین.هەر خوا خۆی ئەزانێت مووچەکەی چەند کەمە .ئەگەر (جیم)ی براتان ئەو بڕە پارەیە نەنێرێت مانگانەو چارلی پێنج دۆلاری دەسنەکەوێت هەفتانە، وە منیش قاپ نەشۆم ناتوانین بەو بڕە پارە کەمەی باوکتان ژیان بگوزەرێنین . وە ئەگەر ئەوەش نەبێت ئەکەوێتە سەر شەقامەکان .
چارلی- کەواتە باوکم ئەمشەو چووە بۆلای دکتۆر؟

خاتوو ناپ- بەڵی نازانم چۆن ئاگاداری ببم! نانی نیوەڕۆی نەخوارد دوای ئێوە ، ئەبێت ئەوە بزانن کە ئەمە دواهەمین شەوە کە باوکتان لێرە ئەبێت ئیتر هەتا سێ مانگی تر نایبینینەوە.
چارلی - بچمە دەرەوە بزانم نایبینم؟
خاتوو ناپ - داوای چوونە دەرەوە مەکە. باشترە بچیت بۆ جێگە خەوەکەت ئەگەر بتەوێت بەیانی زوو خەبەرت بێتەوە، تۆش دۆڵی.
دۆڵی- من هێشتا هەندێک وانەم ماوە تەواوی بکەم ( دەنگی پێی کەسێک لە پلیکانەکانی ڕاڕەوەکەوە)هات .
خاتوو ناپ- ئەوە باوکتان گەیشتە پرسگەی شەقەکە. دۆڵی ئەگەر ئەتەوێت سەعی بکەیت نابێت باوکت بتبینێت کە دواکەوتوویت ، گڵۆپەکە بکوژێنەرەوە،منداڵەکە هەڵمەسێنە.( هەنگاوەکان لەو دیو دەرگاکەوە وەستا و لە دەرگا درا)،چارلی، دەرگاکە بکەرەوە . ناتوانم ماندووم،ئەمڕۆ هەر بە پێوە بووم.(چارلی دەرگاکەی کردەوە) و جەیمس ناپ هاتە ژوورەوە.
پیاوێکی لاواز و شان چەماوە و دەم وچاو باریک بوو. نزیکەی پەنجا ساڵێک ئەبوو.کاتێک کڵاوە شەپقەییەکەی لابرد سەرە درێژ تەواو کەچەڵەکەی دەرکەوت و قژە ماش و برنجیەکەی گەورەتری نیشا ئەدا لە چاو تەمەنی خۆیدا ،گوێە زلەکانی بەم لاولای سەریەوە و دەم و چاوی هەتاو بردبووی ، بەهۆی تیشکی خۆری خولگەییەوە.زەردو لاواز دەرکەوت بەهۆی درەوشانەوەی گڵۆپەکەیەوە ، چاوە ڕەش و بچووکەکانی لێکەوە نزیک بوون و لووتی ئەستوور و شێوەیەکی ڕێکی نەبو ،دەمی گەورەو ڕەقەڵە بوو، جلە ڕەنگ قاوەییەکەی کاڵ بووبوەوە، پێڵاوەکانی لە بریقە کەوتبوون ،شێوازی قسەکردنی فشاری لەسەر بوو(قسەی لاواز بوو)، پەنجەکانی ماندوو

بووسمێڵی سپی بوو بوو. خاتوو ناپ زەق تەماشای کرد و کەمێک بە خێراییەوە چوو بەرەو لای و ماچی کرد .

خاتوو ناپ- (کورسیەکی پاڵپێوەنا بۆلایەکی مێزەکە بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشێت ).وەرە دابنیشە! زۆر ماندوو دیاریت نابێت بەپێوە بیت.

ناپ- (تەماشایەکی کورسیەکەی کرد و بە دەنگێکی هێواش و لەسەرخۆ) وتی: ماندووم کەمێک، ماوەیەک چاوی بڕییە مێزە گوڵ گوڵیەکە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا .

خاتوو ناپ- چی بووە، وەکو ئەوە دەرئەکەویت که هاوڕێیەکت لە دەست دابێت .

ناپ- دەستی کردە ملی و بە لاوازیەوە زەردەخەنەیەکی کرد، شین هەڵگەڕاووم، بیر لەوە ئەکەمەوە بەیانی چۆن بڕۆم بۆسەر کەشتیەکە ، گەشتێکی تەنیا چۆن بتوانم سێ مانگی تر نەتانبینمەوە، ئەوە نارەحەتی کردووم خۆزگە وازم لەم ئیشە ئەهێنا، خۆزگە کەمێک گەنج ئەبووم بۆ ئەوەی هەوڵی ئیشێکی ترم بدایە.

VI

چارلی - (کێ دانیشتووە لەسەر کورسی و بێدەنگ بە هێواشی و جوانترین دەنگ ئەدوێت) ئۆ! بە خۆشی باوکە ، دەمێکە دیار نیت ، پێم وابوو لە دەرەوە

دڵخۆش بیت بەو ئاوو هەوا سارده گگ.. خۆزگەم پێت ئەخواست .

ناپ- (بەلاچاوێکەوە تەماشای کرد)هەه..ئەمە چی بوو چارلی؟ تەواو گوێم لێت نەبوو چیت ووت ؟

چارلی (بەنەڕاندنەوە)، وتم بە خۆشی دەمێکە دیار نیت .

ناپ- (سەری بادا بە غەمباریەوە)بەلای تۆوە ئاسانە وا بڵێیت، چونکە گەنجیت.(قیژەو نووزەی منداڵەکە لەو دیو پەردە سەوزەکەی قوژبنەکەوە هات) .

خاتوو ناپ- (ڕووی کردە چارلی و بە تووڕەییەوە ) ئەە بەو دەنگ و دەمە زلەتەوە منداَڵەکەت خەبەر کردەوە .پێم وتیت دەنگت هەڵمەبڕە.(تەماشای مێردەکەی کرد)جەیمس!خۆزگە تەربیەتت دا ئەیا .من هەرچی پێ ئەڵێم مێشکی نیە تەماشای بکە.درێژ بووە بەسەر کورسیەکەدا و دەرپەڕانووینەتە دەرەوە ، ئەوە شێوازی دانیشتنە لەسەر کورسی ؟لەیەکێک وایە لە تەویلەوە هاتوویت. شەرم و شوورەییە بۆمن بەو شێوەیە بچیتە هەر جێگایەک.

چارلی- نیگەران مەبە، هیچ جێگایەک نیە کە من بۆبچم ،ئەگەر هەبێت ئەوا بەم جلە شڕانەوە ناچم ،تۆ بۆ قسەیەک ناکەیت باوکە؟ گوێی لێم نیە ئەبێت دەنگم بەرز بکەمەوە .

ناپ- (لەپڕدا ورووژا)ب ا، گوێم لێتە بەڵام سەرنجی قسەکانتم نەدا کە چی ئەڵێیت ،من قسەی ترم هەیە لەسەر ئەو زۆر بڵێییەت.(چارلی ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە لەسەر کورسیەکەی).

خاتوو ناپ- ئەوە ڕاستە جەیمس!زانیم کە پێی ئەڵێت لە کوێوە هاتووە،ئەوەش بزانە کە ماڵەکەی داگیر کردووە بەم هەڵسووکەوتانەی .(گریان و نووزەیەک هات لە پشت پەردە سەوزەکەوە )خاتوو ناپ بەپەلە چوو وتی وس بە وس وا هاتم ، چوو منداڵەکە بێدەنگ بکات.

چارلی- (ورەی دایە بەر خۆی ئێستا دایکی لەدەرەوەی ژوورەکەیە)وتی باوکە؟

ناپ - بەڵێ چارلی چیە؟

چارلی –  جل و بەرگێکی تازەم بۆ ئەکەیت؟ پێویستمە ئەمەم زۆر خراپە، ئەمەی لەبەرمدایە هەر پینەیە و کون بووە ،منداڵەکانی کۆگاکە گاڵتەم پێئەکەن و پێم پێئەکەنن،ئەم پانتۆڵەی لە پێمدایە گونجاو نیە.باوکە تکایە دانەیەکی ترم بۆ ئەکەیت باوکە؟

ناپ- (ئازارێک لە ڕووخساریدا ئەبینرا)بەڵام ئێستا ناتوانم کوڕم( چارلی کەوتەناو تاریکیەکی قووڵەوە)تۆ ئەزانیت ئەبێت بجم بۆلای دکتۆر بۆئەم دڵڕاوکێیەم.گوێیەکانم و گەدەم باش نیە . ئەویش پارەی تێئەچێت  زۆر گرانە کە هاتمەوە لەم گەشتەم بە دڵنیاییەوە دانەیەکی تازە و پانتۆڵێکی درێژت بۆت ئەکرم ،یەکەم شت کە ئەبێت بیکەم ئەوە ئەبێت بۆتۆ ، بەڵێن بێت خۆت ئەزانیت بەڵێنەکەم ئەبەمە سەر . جاریٚ با لەبەرتا بێت هەتا ئەگەڕێمەوە.

چارلی- (بەپەشیمانیەوە) باشە باوکە وا ئەکەم ، ئەترسم وانەبێت.

ناپ- تۆ کوڕێکی چاکیت. ئارەزووەکانمان بە دینەهاتووە هەتائێستا ئەبێت بەرگەی ئەم بەشە بگرین کە هەمانە هەتا زیاترمان دەستئەکەوێت.( ڕووی کرد بەو دیوو دا هەتا بەزەیی  خۆەی بشارێتەوە بەرامبەر چارلی) هەنسکی دا، شانەکانی ئەجوڵانەوە بەهۆی هەنسکەوە ، چارلی سەرنجی دا و بە هەڵەشەیی ڕۆشت و دەستی هێنا بە پشتی  باوکیدا .

## VII

چارلی- باوکە چی ڕوویدا ؟ ئەتوانم بەبیٚ  جل بیگوزەرێنم باشە. ئیتر پرسیارت لیٚ ناکەم ئەگەر بەو شێوەیە شین هەڵگەرێیت .

ناپ- گویٚ مەدەریٚ کوڕم . من هەست ئەکەم حاڵم باش نیە هەر ئەوەیە ئەبێت شتێک بخۆم تام لێهاتووە.(تەماشای کاتژمێرەکە ئەکات)

تەواو درەنگە چارلی ئەبێت بەیانی زوو هەستست . باشترە بڕۆیت بخەویت. من و دایکت زۆرمان قسە کردووە هەتا ئێستا و شتەکان بە دڵی تۆنیە .
چارلی- باشە باوکە ،شەو شاد بەیانی ئەتبینمەوە پێش ئەوەی بڕۆم.
ناب- شەوشاد، بیرت نەچێت هەوڵی باشتر ئەدەم خۆم ئەزانم چۆن.
(چارلی چووە پشت پەردە سەوزەکەوە و دیار نەما) ناپ تەماشای مێزەکەی کرد و سەری خستە نێوان هەردوو دەستیەوە و ڕوخساری پڕبوو لە ئازار. خاتوو ناپ گەڕایەوە بۆ ژوورەکە. منداڵەکە دیسانەوە خەوی لێکەوتەوە.
خاتوو ناپ- چارلی ت نارد بچێت بخەوێت وایە؟ (سەری لەقاند) بەڵی،هەردووکیان پێکەوە هەتا درەنگانی شەو مانەوە. ئەو هەمیشە خۆی مەلاسداوە لە شەقامەکاندا، نازانم چیەتی و چی بەسەر هاتووە! ئەمشەو دۆڵی ئەیوت کە چارلی بینیوە ساردەمەنی کڕیوە بۆ (هاریس) کچە قژ سوورەکە لەو کۆلانەی کە تۆ پێی گەیشتوویت، تۆ بیرت بۆ چی ئەچێت ؟ ئەڵێت ئەو کچەی بینیوە لە ڕاڕاوە تاریکەکەی خوار قادرمەکان لەگەڵ کوڕانی مەیخانە ئەڵمانیەکەدا.
ناپ- (بە نەرمیەوە) جا ئەوە خەمی بۆ چییە؟ ئەوان منداڵن و گاڵتەو گەپیان کردووە.
خاتوو ناپ- گاڵتەو گەپ؟ من بەلامەوە سەیرە تۆ ئەڵێت گاڵتەو گەپ کردنبووە! من وا هەستئەکەم ئەوە ئابڕوو چوونە.
ناپ- وەرە- وەرە، تۆ زیادەڕەوی ئەکەیت لە شتەکاندا، من هیچ شتێکی خراپ نابینم لەمەدا. خوا ئەیزانێت من لە چی نیگەرانم لە گاڵتەو گەپی منداڵەکان نا.
خاتوو ناپ- (بەبێ ڕێزی) تۆ نیگەرانیت؟ چیە نیگەرانیەکەت ئەمەوێت بزانم؟ بۆ خۆت لە کەشتیدایت و کاتی خۆش بەسەر ئەبەیت

بەبێ ئەوەی هیچ بکەیت، خواردنی باش ئەخۆیت و قسە لەگەڵ ئافرەتە جوانە ڕاقیەکاندا ئەکەیت. نیگەرانیی؟ من خۆزگە ئەخوازم لە ماڵەوە بیت و بێیتە شوێنی من و نان درووست بکەیت و ناوماڵ بسڕت و ئاگات لە منداڵەکان بێت و خۆت لە بەقاڵ و گۆشت فرۆشەکە بدزییایەتەوە و هەرچی "پێنس" ێک هەبێت کۆتبکردایەتەوە. ئەو کاتە ئەتزانی نیگەرانی چیە.

ناپ- (بە هێورکردنەوەوە) ئەزانم هەموو ئەو ئەرکانەی تۆ ئەزانم ماری، خۆزگە بمتوانیایە باری سەر شانت ئاسان بکەم ( بە دڵشکاوییەوە) بەڵام نازانم ئێستا چیمان بەسەر دێت .

خاتوو ناپ- زۆر باشە من پێموایە ئەتوانین ڕێکیان بخەین.

ناپ- بەڵام ماری، شتێکی خراپ ڕووی داوە، ناوێرم پێت بڵێم.

خاتوو ناپ-  مەبەستت چیە؟ ئیشەکەت لە دەستداوە وایە؟

## VIII

ناپ- چووم بۆلای دکتۆری گوێ ( قوڵپی گریان قورگی گرت و نەیتوانی قسە بکاتەوە ).

خاتوو ناپ- چی؟

ناپ- (وەکو ئەوەی ڕقی لە دەنگی خۆی بێت) گوێیەکانم لە دەست ئەیەم لە هەرکات و ساتێکدا بێت . بە تەواوی کەڕ ئەبم .

)سەری دانەواند و خستیە بەینی دەستەکانیەوە و هەنسکی دا. (

خاتوو ناپ- ( چووە لایەوە و دەستی لە دەوری گێڕا)جیم، گریمانەی وا مەکە شتی وا نیە . دکتۆرەکان زۆرینەیان شتەکان خراپتر ئەکەن وەکو لەوەی کە هەیە. ئەوەی تۆی ترساندووە ئەبێت بچێتەوە بۆ لای دکتۆرەکە و بیبینیتەوە. ئە وە نیە وەکو من ئەبیستیت.

ناپ- نا قسەکان بە باشی وەر ناگرم و درەنگ تێئەگەم . لەو کاتەوەی لە ماڵەوەم زۆر ئەستەمە لە منداڵاکان تێبگەم. دکتۆرەکە وتی لەوە ئەچێت هەتا ماوەیەکی تر بتوانیت ببیستیت بەڵام خۆم ئامادەکردووە بۆ حاڵەتیکی کتوپڕ کە بە تەواوی کەڕ ببم .
خاتوو ناپ- (بەخێرایی) هیچ کەسێک بەمە ئەزانێت لە کەشتیە کەدا؟
ناپ- بەدڵنیایەوە نا. ئەگەر ئەوە بزانن یەک دەقیقە زووتر نیە لەسەر کار لام ئەبەن.(دەنگی ئەلەرزی) ئەبێت پێیان بڵێم ئیتر ئەبێت وازبهێنم.
خاتوو ناپ- ئیشەکەی خۆتت بە دکتۆرەکە نەووتوە؟
ناپ- نا، پێم وت کە ئیشەکەم میکانیکی یە.
خاتوو ناپ- ( لەسەر کورسییەکەی هەستا و بە دەنگێکی قورس قسەی کرد) کەواتە بۆ پێیان ناڵێیت؟ ئەگەر پێیان نەڵێیت هەرگیز پێت نازانن. تۆ خۆت بە خۆت ئەڵێیت کە دکتۆر پێی وتووم کە گوێم کەڕ ئەبێت.
ناپ- من لە خۆم ناترسم، لە کەڕبوون ناترسم ، تۆ تێناگەیت ، من بەرپرسیارێتی لەسەر شانمە لە ئیشەکەدا .
خاتوو ناپ- بەرپرسیارێتی؟ تۆ پێت وتم کە زۆربەی کات کەمێک پەیام (نامە) ئەنێریت ئیتر لەوە زیاتر ئیشی بێ تەل ئەبێت چی بێت ! چی ڕوویداوە بەم خێراییە ؟ تۆ کەر ِنیت ئەگەر ئێستا ئەو دکتۆرە درۆزنە ڕاستیەکەت پێ بڵێت کە وانیە و وەزعت باشە ئیتر تۆ ئەبیستیت و گوێت لە قسە ئەبێت . لەبەر ئەوە وتوویەتی سەکتەیەکی کتوپڕت بەسەردا دێت بۆ ئەوەی بچیتەوە بۆلای . ئەزانم ئەوان چۆن قسە ئەکەن .
ناپ- (بەلاوازییەوە) ئەوە ڕاست نیە ،ئەگەر پێی بڵێم و واز لە کارەکەم بێنم لەوانەیە لە جێگەیەکی تر کارێکم دەستبکەوێت .

خاتوو ناپ- (بەتووڕەییەوە)ڕاستە؟تۆ پێت وایە کە نانمان هەیە و ئەتەویَ◌َت بکەوینە سەر شەقام ؟ خوا ئەزانێت پارەکەت چەند کەمە بەڵام بەبیَ ئەوە لەبرسا ئەمرین. بیرت لە ئێمە کردووەتەوە؟ من و منداڵەکان؟ چۆن خواردن و جل و بەرگ بکڕین؟ (من و چارلی) ش ئەوەندەمان دەست نەکەوتووە کە هەفتەیەک پێی بژین .(جیم)یش کەمێک پارە(دۆلار) ی ناردووەتەوە ئەم مانگە بەڵام بەشی پێویست نەبوو. ئەو بەڕێکوپێکی کارناکات .ئێستا قەرزاری بەقاڵ و گۆشتفرۆشەکەین،ئەگەر ئەوانیش بزانن کە ئیش ناکەیت ئیتر متمانەیان پێمان نامێنێت . ئەی خاوەن خانووەکە؟ چۆن ئەهێڵت لێرەدابمێنینەوە؟ کارێکی تر ئەکەیت؟ بڕیاری خۆت بدە. ئەگەر واز لە کارەکەت بهێنیت ئەبینە گاڵتە جی و نیوە تێر و نیوە برسی ئەبین. ئەبێت

## IX

بجیتەوە سەر ئیشە کۆنەکەت؟ ئەوانیش ئەیانەوێیت دائیرەی تەلەگراف؟ نایانەوێیت لەبەر ئەوەی تەمەنێکت هەیە وایە؟ تۆ پیر بوویت و خاو
بوویتەتەوە چی ئیشێک بۆ تۆ گونجاوە .(بەدەنگێکی تاڵ و ناخۆش) کارێکی تر ئەکەیت! (دەستی گرت بە دەم و چاویەوە و دانیشت و گریا)ئەوە هەموو
سوپاس و چاکەکەت بوو بۆ ئەم دەستە ئیشکەرو خزمەتکارانەی من!
چی باوکێکت بۆ منداڵە داماوەکانم! بۆچی شووم کرد بە پیاوێکی وا!جگە لە ناڕەحەتی و ناخۆشی هیچی تر بەشم نەبووە .

ناپ- (بە بێدەنگیەوە ئازاری ئەچەشت لەو سەرزەنشتانەی ژنەکەی)بۆخاتری خوا. با بەتەنها بم!ئەڕۆم ئەمە دواهەمین سەفەرم ئەبێت ، شتێک بکەم (هەستاو پاڵی نا بە پەردە سەوزەکەوە) وەرە . من ئەخەوم ،خاتوو(ناپ) ی بەجێهێشت بەتەنها و فرمێسک لە چاوەکانی ئەهاتە خوارەوە بەسەر دەستە بێ ڕەنگەکانیدا، هەناسەی هەڵئەکێشا بۆئەوەی هێور بێتەوە .

دیمەنی دووەم

دیمەن- بەشی دواوە لە کەشتی ئێس ئێس "ئیمپرێس"لە کۆتاییکەشتیەکەدا لە نزیک بورجەکە. بەشی دواوە لاربووەتەوە بە ئاراستەیەکی کەوانەیی.بەرەو لای چەپ کابینەی کارمەندانە کە ژمارەیەک گڵۆپی ڕووناک ئیش ئەکات. لە دوای ئەمانەوە لە بەشی ناوەڕاستەوە ژووری (بێ تەل)ە دەرگایەکی فراوانی کراوە بەڕووی (جەیمس ناپ) دا. نوشتاوەتەوە بەسەر ئامێرەکاندا بەشی خۆی لە ژوورە بچوکەکەی دا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و سەرقاڵە بە پەیوەندی وەرگرتنەوە و ئەوەستێت و ئەیهێنێت و ئەیبات و بێ هودە تەماشا ئەکات بەڵکو هەندێک وەڵامی پەیامەکانی چنگ بکەوێت .بەردەوام دەست ئەنێت بە دوگمەکاندا و دەنگێک دەرئەکات و ئامێرەکان دەنگێکی ترسێنەریان هەیە لەو بەشەدا بۆلای ڕاستی (ژووری بێ تەل) ەکە بە ئاڕاستەی بەندەرەکە بەلەم (کەڵەک)ڕزگارکردنی لێیە ز هێشتا بۆلای ڕاست یەکێک لە دوکەڵکێشەکانی بەلەمەکەیە.دواوە(باکگراوند یان وێنەی ًپشتەوە) ئاسمانێکی خولگەیی درەوشاوەی پڕ لە ئەستێرەیە. وایەرەکان ئەجوڵێنەوە لە ژووری بێ تەل دا، کۆڵەکەکانی چارۆکەی کەشتیەکە بە لێڵی چووە بە ئاسماندا.کاتژمێر 12:00 یە کاپتن هاردویک بە پەلە ڕۆشت بەرەو بەشی دواوەی کەشتیەکە لە ژووری بێ تەل چووە ژوورەوە

وەستا و تەماشای (ناپ)ی رد پیاوێکی کورتە بنەی پەنجا ساڵە کە جلێکی یەکپۆشی شینی سادەی لەبەردا بوو. روخساری سوور هەڵگەڕاوە بە هۆی تیشکی خۆر و باوە .ڕیش و سمێڵە ماش و برنجیەکەی ئەمانەی نەشاردبووەوە . بە تووڕەییەوە لە دەرگای دا ،وا دەرئەکەوت کە ناپ ئەم نابینێت ، هیچ سەرنجی نەدا دیار بوو کە نوقمی ئامێرەکان بوو بوو،

کاپتن هاردویک- وەڵام نەبوو هەتا ئێستا ؟(کاپتن چەمایەوە بەسەریدا و شانی ڕاوەشاند)

ناپ- (لە ژێرەوە تەماشای کرد) هیچ شتێکم گوێ لێ نەبووە جارێ گەورەم.

کاپتن.هاردویک- بەنەفرەت بیت. چییان بەسەر هاتووە؟ ئایا هەموویان خەوتوون؟

ناپ- دووبارە هەوڵ ئەدەمەوە گەورەم (دەستی خستە سەر ئامێرەکە و دەنگ و هاژەی وایەرەکان ئەهات بە ناڕێکی).

کاپتن.هاردویک- (بەمینگە مینگێکەوە ڕۆیشت)باشە، دەگەڕێمەوە بۆ لات بزانم کەمێکی تر کێ بەردەستە ( بۆم وەردەگریت).

ناپ- (لێوەکانی ئەجوڵاندەوە)بەڵێ، گەورەم (ئاوازی دەنگی لە وەڵامەکەدا وون بوو) .

X

کاپتن. هاردویک- بڵێ کە تیغەی کەشتیەکە وەختە تێکبشکێت هەوڵ بەن قاییمی بکەن ئەوەندەی لە توانادا هەیەپێویستمان بە یارمەتی هەیە بەبێ دواکەوتن.

ناپ- (جووڵا زۆر بە شپرزەیی هەر وەکو هەمیشە) بە لێ گەورەم.

کاپتن.هاردویک- پێویستە بگەین بە کەشتی "ڤێرداری"کە پێم وایە نزیکەی سەد میلێک لێمانەوە دوورە ئەگەر هە ڵە نەبم.
(ڕۆشتەوە دیسان) ئەبێت بڕۆم بەردەوام بە لە ناردنی پەیامەکان هەتا وەڵامیان ئەبێت
ناپ- بەڵێ گەورەم .
کاپتن.هاردویک (بەهەناسە بڕکێوە) نەفرەت لەم "بەڵێ گەورەیەم"ی تۆیە ،پێم وایە تۆ زیرەت کردووە.(بەپەلە ئەڕۆشت بۆلای بورجەکە) لە نیوەی بەشەکەدا بە مەیسۆن ئەفسەری پلە یەک ، باڵا بەرزێکی ڕیش جوان تاشراوی تەمەن ناوەنجی جل و بەرگی یەکپۆش بوو بەپەلە چوو بەرەو لای ) باشە، کاروباری خوارەوە چۆنە؟
مەیسۆن - زۆر خراپ گەرورەم . ئەترسم تیغەی دیواری کەشتیەکە زیاتر بەرگە ئەگرێت. هەموو شتێک ئەکەین بۆ ئەوەی بەرگەی زیاتر بگرێت. بەڵام وام مەبینە کە پەستانی زۆرم لەسەرە بەرگەی نیو سەعات ئەو پەری سەعاتێکی تر ئەگرین گەورەم.
کاپتن.هاردویک- کەشتیەک خراپی لێ بەسەر هاتووە، پێم وایە ڕاست ئەکەیت مەیسۆن، کەواتە پرسیارێک لە دە دەقیقەدا دەستەی کەشتیەوان بەلەمەکان ئامادە دەکەن؟
مەیسۆن- بەڵێ گەورەم .
کاپتن.هاردویک- باشە . سەرنشینەکان هەموو لە دواوەن ئامادەن بۆ جێهێشتن؟
مەیسۆن- بەڵێ گەورەم.
کاپتن هاردویک- باشە بەبەختین ژمارەیان کەمە و لەو ژوورە باشەدان ،چانسمان هەیە کە ئەمشەو باروو دۆخ ئارامە. هیچ ترسێک نیە. (وچانێکی دا و بەدەنگێکی شڵەژاوەوە وەکو ئەوەی لە نزماییەوە

بێت) بەڕاستی گاڵتەجاڕیە، وەڵامی تەلەفۆنەکانمان نادرێتەوە بۆ یارمەتی دانمان وایە ، تۆش پێت وانیە؟
مەیسۆن- زۆر گاڵتە ئامێزە گەورەم ، ئەبوایە ڤێرداری لەم نزیکانە بوایە ئێستا ئەبوایە تا ئێستا چوار پێنج بەلەم بگەشتایەتە ئێرە وام بە خەیاڵدا هات .
کاپتن.هاردویک- ئەی چی بە (ناپ) بڵێم ئەو هەژارە ئەڵێی جنۆکە ترساندوویەتی و ئەمرێت هیچ وەڵامێکی دەستنەکەوتووە . زۆربەی کات پرسیارم لێ ئەکرد کە هیچ وەڵامێک نەگەیشتووە؟ پێی ئەوتم نا هیچ وەڵامێک نیە ، ناومناوە (لاسایی کەرەوە) یەک شتی گوێ لێ نەبووە تا ئیستا گەورەم.

XI

مەیسۆ- سێ چوار جار هەر هەمان شتی بە منیش ووت . هەستم ئەکرد شێوەی باش دیار نیە، وەکو گێژێک ئەهاتە بەر چاوم.
کاپتن.هاردویک- بزانین ئێستا چی ئەڵێت ! مەگەر خوا خۆی یان جنۆکەیەک پەیاممان بۆ بنێرێت.(هەردووکیان چوون بۆ ژووری بێ تەل) لە کاتێکدا ناپ بە شێوەیەکی شپرزە و هەڵچوو تەلەفون بە دوای تەلەفوندا پەیوەندی ئەکرد، مەیسۆن لە دەرەوە مایەوە. ناپ تەماشای ئەکردن. بە ترسەوە تەماشای یەکتریان ئەکرد .
کاپتن.هاردویک- ڤێرداری نەگەشت؟
ناپ- (بە دوودڵیەوە) هیچم گوێ لێ نەبووە تا ئێستا گەورەم.
کاپتن-هاردویک- پێت وایە کە ئامێرەکان هیچ خەلەلێکیان تێدا نیە؟
ناپ- (بە سەرسوڕماوییەوە) نەخێر گەورەم. تەنانەت وەڵامێکیش نەبووە گەورەم.هیچ یەکێک گەورەم.

کاپتن.هاردویک- ( به تووڕەیی) ئەزانم ئەوە، چەند جار ئەمەت دووبارە کردەوە.وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە ! ( ناپ بە چاوی شڵەژاوەوە تەماشای ئامێرەکانی بەردەستی خۆی کرد، کاپتن هاردویک شانی گرت) گوێت لێبوو چیم ووت؟ بە نەفرەت بیت وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە!

ناپ- (لێوە لەرەی بوو) نەخێر گەورەم .

کاپتن. هاردویک- (هەڵچوو)چی؟

مەیسۆن-(قسەی پێ بڕی) ببورە گەورەم ، شتێک بەسەر ئەم پیاوەدا هاتووە، پێم وانیە کە گوێی لێت بووبێت .

کاپتن .هاردویک- گەمژەیە ترساوە، هەر ئەوەیە قابیلە ئەبێت کێشەی چیبێت.(نوشتایەوە و هاواری کرد بەناو گەیەنەرەکانداکە(ناپ) لە گوێی کردبوو).وتی شتێک بڵێ ناتوانیت ؟کەڕیت؟

مەیسۆن-لەوە ئەچێت کێشەیەک لە گوێیەکانیدا هەبێت گەورەم.

کاپتن. هاردویک- (دەنگی نەرمتر بوو).ئەگەر نەخۆشیت بۆ قسەت نەکردووە ؟

ناپ- (ساتێک تەماشای کرد بێ دەسەڵاتانە، دەستی گرت بە دەم و چاویەوە و شێتگیرانە گریا).ئای خوایە. ئەوەیە.(کاپتن و مەیسۆن بەسەر سوڕماویەوە تەماشای یەکترییان ئەکرد کاتێک کە بینیان ناپ هەنسکی ئەدا) . دڵنیا نەبووم ، ویستم بەرەنگار ببمەوە هیچ ووشیەکتانم گوێ لێ نەبوو. هیچ نابیستم . ئەوە ڕوویدا کە دکتۆر وتی (تەماشای کاپتن ی ئەکرد و دەستەکانی لێک ئەئاڵان و لێکی جیا ئەکردەنەوە .بە شێوازێک کە هەستی ئەبزواند و جێگای بەزەیی پێدا هاتنەوە بوو)ئۆە ئەبوایە پێم بوتیتایە گەورەم .پێش ئەوەی دەست پێبکەین . بەڵام زۆر هەژارم ناتوانم کارێکی تر بکەم ، ویستم تەنها هەر ئەم گەشتە ئەنجام بدەم لەو هەمووی گەشتەی تر کە هەیە .

ویستم وازبێنم بەڵام ژنەکەم رێگەی نەدا. وتی کە لە برسا ئەمرین،وە چارلی کوڕیشم پێویستی بە جل و بەرگ بوو (هەنسکی ئەدا وەخت بوو بخنکێت) . ئۆە خوایە کێ ئەیوت بە خەویش ئەمە ڕوو ئەدات لە کاتەدا . پێم وابوو کە لەم گەشتەدا باشم.من پیاوێکی خراپ نیم کاپتن . ئێستا من بەتەواوەتیی کەر ِبووم. ناتوانم هیچ گوێم لە قسەکانت بێت . من کەڕم! ئۆە خوایە ، خوایە. (دەستەکانی هاویشتە سەر ئامێرەکانی بەردەمی خۆیی و هەنسکی ئەدا).

## XII

کاپتن. هاردویک- (تەماشای مەیسۆن ی کرد)، باشە! بەنەفرەت بیت . چی ئەکەیت لە ئەمە؟

مەیسۆن - پێم وایە ئەوەی کە وتی ڕاستە ، گەورەم کەڕ بووە، دیارە کە لەبەر ئەمە بووە وەڵامی تەلەفۆنەکانمان بە دەست نەگەیشتووە .

کاپتن . هاردویک- (دوکەڵێکی بێ هیوایی). لەم دۆزەخەدا چی بکەین ؟ ئەبێت بزانین کە دێن بۆلامان پێش ئەوەی بەلەمەکان دوور بخەینەوە .(ماوەیەک بیری کردەوە مستێکی دا لەبەری دەستی خۆیی و تووڕەیی لێ ئەباری) مەگەر خوا، بیرم کەوتەوە ، دیک ویتنی ئەناسیت؟(مەیسۆن سەری لەقاند) بە ئاماژەی بەڵێ، ئیشێکەری کەشتی "دەچز" لەکەناری (بەهیە) شوێنێکە ، لایداوە بۆ پشوودان تای هەیە.بچۆ بەشوێنیدا لە کابینەی یەکەمیدایە ، مەیسۆن ڕۆشتە خوارەوە بەرەو بورجەکە، خێراکە ، بۆ خاتری خوا، (مەیسۆن ڕۆشت) . کاپتن هاردویک باوەشی کرد بە (ناپ) داو هێنایە دەرەوە لە کابینەکە و لەسەر پشت داینا لەسەر کەڵەکی ڕزگارکردنەکە ، خۆت گورج بکەرەوە هەژاری نەگبەت ! (ناپ

بەردەوام بوو لە گریان) . مەیسۆن دەستێک چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بووو گەرمای خولگەیی پێوە دیار بوو بەڵاَم چووە ژووری بێ تەل و تەواویی دانیشت لەبەردەم ئامێرەکاندا .

کاپتن.هاردویک- کەسێک بە خێرایی هات- (ویتنی) ە ، پێیان بڵێ کە بەلەمەکان فڕێ بدەینە ئاوەکەوە.

ویتنی- ( کێ ئەم بیستەرانە لە گوێ ئەکات) ئێستا ئەوەتا قسەمان لەگەڵ ئەکەن، وەڵام ئەدەنەوە پەیوەندییمان پێوە ئەکەن

(وەستا) ئەوە" ڤێرداری"ە.

کاپتن. هاردویک- باشە زانیم کە نزیکە لێمانەوە.

ویتنی- ئیشپێکەرەکە وتی کە بە خێرایی دێین پێش ئەوەی ڕۆژ ببێتەوە. ئەی ئەگەر بەرگە نەگرین هەتا ئەو کاتە چی!

کاپتن . هاردویک- بڵێ کە تیغەی دیواری کەشتیەکە نەماوە نزیکەی سەعاتێکی تر نوقم ئەبین. ( بۆ مەیسۆن) بڕۆ خوارەوە بزانە بارودۆخ چۆنە لەوێ.

)مەیسۆن بە خێرایی ڕۆشت. (

ویتنی- باشە گەورەم ( دەستی نا بە ئامێرەکەدا دەنگی بێ تەل و هاژە هاژ دووبارە دەستی پێکردەوە و نەما ).

کاپتن. هاردویک- چییان ووت ئێستا ؟

ویتنی- ( بە زەردە خەنەیەکی کەمەوە ) بەختێکی خراپ!

کاپتن. هاردویک – نەفرەت لەو بەزەییە!

ویتنی- ئیشپێکەرەکە وتی هەوڵ ئەدەین بەردەوام پەیوەندییتان پێوە بکەین. پەیمانەکانی ئێمەیان پێ گەیشت بەڵام دیارە کە پەیامەکانی (ناپ) یان بە دەست نەگەیشتووە.( کاپتن تەماشایەکی ناپ ی کرد) هێشتا پاڵ کەوتووە و دەستی لەسەر چاوی داناوە. ئەوەشی باس کرد کە پەیامیان پێگەیشتووە لە کۆمپانیای فرووت و بەلەمەکانیانەوە

که ئەوانیش لە هەوڵدان بێن بۆ یارمەتیدانمان. ویستی بزانێت کە ئایا هیچ شتێکمان لەوانەوە نەبیستووە و بۆ نەهاتووە.
کاپتن. هاردویک- نەخێر( تەماشای ناپ ی کردەوە و بە ساردوسرِیەکەوە) پێی بڵێ کە ئامێرەکانمان لە کار کەوتوون.

## XIII

ویتنی- ( بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد، پاشان پەیامەکەی نارد- وەستا) ئەگەر هات و نوقم بووین ئەوا ڤێرداری بەڕێوەن لە دوێنێوە پەیامیان
ناردووە بۆ گشت بەلەمەکان کە بە خێرایی بگەنە لامان چونکە ئەزانن لە کار کەوتووین.
کاپتن.هاردویک- ( تەماشای ناپ ی کرد) بۆ خاتری خوا!
ویتنی- هیچ قسەیەکی ترت هەیە بیڵێیت گەورەم؟
کاپتن هاردویک (میکانیکیانە) بڵێ خێرا بکەن هەر ئەوە. ( لە برِدا لە تووڕەییدا تەقیەوە و بەرەو ڕووی ناپ ڕۆیشت و دەستی هەڵبڕی مستێکی لێ بدات، مەیسۆن لە دواوە هات و کەوتە نێوانی هەردووکیانەوە پاشان هاردویک کەمێک تەماشای کرد و هیچی نەکرد. تۆ ڕاست ئەکەیت نابێت دەستی بۆ بەرم، ئەوە ناخۆشە کە ترسنۆکانە کەشتیەکەمی لە دەست داین.( بە ئاشکرا بە ڕوخساریەوە دیارە کە چ مانایەکی هەیە ئەم لە دەستدانە. (
مەیسۆن- تێنەگەیشت لە قسەکەی.( کاپتن هاردویک ڕۆشت بۆ ژووری بێ تەل) و دووبارە بینیەوە کە ویتنی گەنج لەوێیە و دانیشتووە چاوەڕێی

فەرمانەکان بوو. بە ویتنی ووت کە کۆتا پەیام بنێرە بۆ "ڤێرداری" دەربارەی ئاگادارکردەنەوەکانی دوێنێیان دەربارەی تێکشکانەکە، ئاگاداریان
بکەرەوەکە هیچ پەیامێکی ئەوانمان پێنەگەیشتووە. بینووسە و تۆماری بکە کە ئیشپێکەری "ڤێرداری" هەوڵی داوە بە تایبەت کە ئاگادارمان بکاتەوە کە ڕێڕەوەکەمان بگۆڕین. ( مەیسۆن تێگەیشت و چوو بەرەو ناپ بە چاوێکی پڕ لە تووڕییەوە). ویتنی خێرا نووسی لەسەر پارچەیەک لە پەڕەی ڕاپۆرت دا و دایە دەستی کاپتن.
کێ ئەچیًت ئەم نامەیە بگەیەنێت بە دەست ناپ. ناپ نامەکەی وەرگرت بە دەستێکی لەرزیوەوە.
مەیسۆن- هەموو پیاوەکانمان بردووەتە خوارەوە گەورەم، بەشێکی بەلەمەکان ئامادەیە هەر کاتێک بتەوێت. هەندێک لە بەلەمەکان هەڵبدەین گەورەم؟
کاپتن. هاردویک- بەڵێ ( مەیسۆن هەنگاوی هەڵهێنا ) بوەستە دەقیقەیەک، منیش دێم لەگەڵتان، وەرە ویتنی تۆ بە تەنها ناتوانیت بیکەیت.
(وەستا لەبەردەم ناپ دا) بەرەو ڕووی چوو بە مۆنیەوە. ناپ چاوێکی کێویی و زەردهەڵگەڕاوەوە بە شێوەیەکی موچرکاویی تەماشای کاغەزەکەی کرد کە بە دەستیەوە بوو. کاپتن.هاردویک ئاماژەی بۆ کرد کە بە دوایاندا بێت. ڕۆشت بەرەو لای ڕاست، ناپ هێشتا دانیشتبوو بە پارچە کاغەزەکەی دەستیەوە. قڵیشانی کەشتیەکە و فەرمان و هاوار کردنی مەیسۆن ئەبیسترا لە یەک کاتدا.
ناپ- (بە چرپەیەکی نووساوەوە ) خوایە ، هەڵەی من بوو. ئەیکێشا بە ڕانی خۆیدا ، چی ئەگەر کەشتیەکە تێکبشکێت. هەنگاوی هەڵهێنا لە کاتیکدا ئەوان شۆڕبووبوونەوە بۆ بەلەمەمان، ڕوخساری ئەلەرزی

به ترسێکەوە. گریانێکی تاڵ ئەگریا بە نائومێدییەوە، ئۆە. بەلەمەکانیان شۆڕکردەوە کەشتیەکە نوقم بوو، نوقم بوو، قاچی گیر بوو کەوتە خوارەوە بەرەو بەشی دواوە بۆ ناو ژووری بێ تەل ەکە، چەکمەجەکەی کردەوە و دەمانچەکەی دەرهێنا و دەستی خستە سەری و توندی کرد لە لاجانگی، نوقم بوو! دەنگدانەوەیەک هەبوو کە ناپ لە سەرەوە کەوتوەتە خوارەوە بەسەر ئامێرەکاندا لە ژوورەکە، خۆی ڕاتەکاندوە پاشان جوڵاوە ماوەیەک، ئیشپێکەر ویتنی ڕۆیشت بە ڕاکردن بەرەو لای ڕاست و بانگی کرد: ناپ !

چاوەڕیی تۆین، بە چاوێکی پڕ لە ترسەوە تەماشای لاشەکەی کرد لە ژوورەکەدا وتی: باشە باشە بە دەنگێکی لاڵەوە، پاشان ترسێک دایگرت، بە پەلە هەڵهات و کشایەوە بەرەو دواوە.